# ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی

نۆتینگهام 28ی نۆڤێمبەر 2006:

## هەڵسوڕاوانی فیدراسیۆن لە شاری نۆتینگهام کۆ دە بنەوە

**ڕۆژی 06/11/25 فیدراسیۆنی پەنابەرنی عیراقی بە ئامادەبوونی دەشتی جەمال سکرتێری فیدراسیۆن کۆبوونەوەیەکی بۆ هەڵسوڕاوانی بەریتانیای فیدراسیۆن ئەنجام دا کە تیایدا 18 هەڵسوڕاوی شارەکانی نۆتینگهام، لێستەر، هاڵ، ستۆک ئۆن ترینت، بێرمینگهام ئامادەی بوون. لەم کۆبوونەوەیەدا ووتووێژ لەسەر سیاسەتی دژە پەنابەری دەوڵەتی بەریتانیا لە ڕەفزکردن و ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران کراو لەیەنەکانی خۆ ڕێکخستن و ئامادەبوون بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو سیاسەتانەو نەخشەی کاری داهاتووی فیدراسیۆن تاوتوێ کران.**




**ئەمەو کۆبوونەوەکە جەختی لەسەر پێداویستی ڕێکخستنی پەنابەران لەدەوری فیدراسیۆن کردەوە تا بە هێزێکی زیاترەوە دەوڵەتی بەریتانیا ناچار بکرێت کە دەست لە سیاسەتی ناردنەوەو ڕەفزکردن و بێ خانەولانەکردنی پەنابەران هەڵگرێت. لەکۆتاییدا پەنابەران بەشۆڕوشەوقەوە بڕیاریان دا کە لەشارەکانی خۆیان کۆبوونەوە لەگەڵ پەنابەران ئەنجام بدەن و سەردانی ئەندام پەرلەمانەکان و ڕێکخراوەکانی تر بکەن.**

### کۆبوونەوەکە لەلایەن جاسم غفور بەرپرسی فیدراسیۆن لە نۆتینگهام بەڕێوەبرا.

**PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK.** **www.csdiraq.com**

d.jamal@ntlworld.com **07856032991** **Burhan Fatah** burhanfatah@aol.com 07866757213

Office: 0161 234 2784 **Jasim Ghafur** jasm_rg@yahoo.co.uk 07877489626